Funded by
European Union
Humanitarian Aid

UNHCR
The UN Refugee Agency

# پرۆگرامی یارمەتی دارایی لە یۆنان

## زانیارییەکان

## 1/ پرۆگرامی یارمەتی دارایی چییە ؟

پرۆگرامی یارمەتی دارایی بریتییە لە بەشێك لەو یارمەتییە مرۆڤانەی كە لە لایەنی جیاوازەوە پێشكەش دەكرێت لە یۆنان. حكومەتی یۆنانی نە هەڵدەستێت بە پیدان و نە بەخەرجكردنی ئەم یارمەتییە. لە هامان كاتدا لە لایەن حكومەتی یۆنانی و هەروەها لە لایەن بەڕیوەبەری گشتی ئێكۆوە ڕێكدەخرێت. هەموو پارەكە لە لایەن یەكێتی ئەورووپاوە (ECHO ئێكۆ – بەڕیوەبەرایەتی گشتی پارێزگاری تایبەتمەندێتی ئەوروپی و ئۆپەراسیۆنی یارمەتی مرۆڤانە) خەرجدەكرێت.

یارمەتی دارایی بریتییە لە پرۆگرامێك ڕێكخراوە بە مەبەستی ئەوەی گەرەنتی ئەوە بكات كە بە شێوەیەكی دادپەروەرانە بگاتە دەست هەموان ، لە هەمانكاتدا دووربێت لە دووبارە تۆماركردنەوەوە.

پرۆگرامەكە وەك یارمەتی مرۆڤانە پێشكەش دەكرێت تاوەكو خوازیاری پەناهەندەیی، كەسە تەنهاكان و خێزانەكان بتوانن پێویستییە بنچینەییەكانیان دابین بكەن، وەك پەیوەندیكردن، هاتووچۆ، پێویستییەكانی خوێندن، جلوبەرگ، خواردن، پێویستییەكانی پاكو خاوێنی و پێویستی تر یان بۆ گەیشتن بە خزمەتگوزارییە گشتییەكان. بەڵام دەرماڵەنییە. ماوەی یارمەتی دارایی پشت دەبەستێت بە بڕی پارەپێدانی مانگانەی پرۆگرامەكە لە لایەن پارەبەخشەرەكانەوە.

كۆمیسیۆنی باڵای نەتەوە یەكگرتووەكان UN و چەند ڕێكخراوێكی تر هاوكاریدەكەن لە نیوان خۆیاندا تاوەكو پرۆگرامێكی تۆكمە بۆ یارمەتی دارایی پێشكەش بكەن بۆ پشتگیری كردنی خوازیارانی پەناهەندەیی، ئەوانەی كە ئەو مەرجانەیان تێدایە كە لە خوارەوە باسكراون .

پێویستی بە ماوەیەك دەبێت تاوەكو بدرێت و ناتوانرێت لە یەك كاتدا لە هەموو شوێنەكان دابەشبكرێت ، بەڵام پلە بە پلە لە هەموو شوینێك دەدرێت.

ڕێكخراوەكان كارتەكان دابەش دەكەن و كرداری بەكارهێنانی كارتەكان ڕوون دەكەنەوە، چۆنێتی بەكارهێنانی ئامێرەكانی ATM و چۆنێتی بەدەستهێنانی ژمارەی PIN ی خودی. دابەشكردنی كارتەكان بە شێوەیەكی ڕێكخراو دەكرێت لە هەموو شوێنەكان و ڕۆژ و كاتەكانیش بڵاودەكرێنەوە.

كەسە تەنهاكان و خێزانەكان مافی وەرگرتنی تەنها یەك كارتیان هەیە و یەك جاریش لە مانگێكدا پارە دەخرێتە كارتەكانەوە، ئەگەر خۆتان تۆمار بكەن لە چەند شوێنێكی جیاواز بۆ وەرگرتنی كارتی زیاتر، تەنها یەكێك لەو كارتانە پارەی دەخرێتە سەر، چونكە لە لایەن ئەو ڕێكخراوانەی كە كارتی پارە ڕاكێشان دابەش دەكەن ئاشكرا دەبێت. ئەو كارتەی كە كاردەكات ئەو كارتەیە كە لەو شوێنە وەریدەگرن كە لێی دەمێننەوە.

ئاسیش و پارێزگاری هەموو دانیشتوانی شوێنەكان، كارمەندانی UN و ڕێكخراوە نا حكومییەكانی تر و هەروەها ئەو كەسانەی كە دەچنە ئەو شوێنانە بۆ جێبەجێكردنی هەنگاوە جیا جیاكانی جێبەجێكردنی ئەم پرۆگرامی یارمەتییە، لەسەروو هەموو شتێكەوەیە. هەر جۆرە ئاژاوەو كێشە و ڕووبەڕووبوونەوەیەك ڕوویدات، ئەنجامەكەی دەستبەجێ هەڵپەسێرانی پرۆگرامەكە دەبێت تاوەكو كاتێكی نادیار كە لە داهاتوودا ڕادەگەیەنرێت. هاوكاری و سەبر گرتنتان بە ڕێزی تایبەتییەوە سەیر دەكرێت.

## 2/ ئایا دەتوانم یارمەتی دارایی وەرگرم ؟

**دەتوانن ئەم یارمەتییە داراییە وەرگرن ئەگەر ئێوە:**

- دانیشتوویەكی تۆماركراوی ئەو شوێنانە بن كە كارتیان لێدەدرێت.

**وە یەكێك لەمانەی خوارەوەتان هەبێت :**

- كارتی سێ قەدی تۆماركردنی سەرەتایی یان تۆماركردنی تەواوەتیتان هەیە لە دائیرەی پەناهەندەییەوە.
- هەر جۆرە بەڵگەنامەیەكی دروستی بەسەرنەچووی ڕەسمی كە لە لایەن حكومەتی یۆنانییەوە دەركرابێت، وەك خارتییەی پۆلیس.

**ناتوانن ئەم یارمەتییە وەرگرن ئەگەر:**

- بەڵگەنامەی یاسایی بەسەرنەچووتان پێنەبێت كە لە لایەن حكومەتی یۆنانییەوە دەركرابێت.
- خوار ١٨ ساڵ بیت و بێ هاوەڵ بیت*.
- لە ئێستادا یارمەتی دارایی وەربگریت لە بنكەیەكی تردا لە لایەن ڕیكخراوێكی خێرخوازەوە.
- كار بكەیت لە ڕێكخراوێكی نا حكومی یان لە كۆمیسیۆنی باڵای UN.
- كاری یاسایی بكەیت و پارە لە ماوەی دیاریكراودا وەرگریت و داهاتێكی نەگۆڕت هەبێت كە زیاترە لەو بڕە پارەیەی لە لایەن ڕێكخراوەكانەوە دیاریدەكرێت.

* ئەگەر تەمەنت خوار ١٨ ساڵە و ە تەنهایت، تكایە پەیوەندی بكە بەو ڕێكخراوەی یارمەتی دارایی پێشكەش دەكات لەو شوێنەی كە لێی نیشتەجێیت.

## 3/ کەی دەتوانم یارمەتی دارایی وەرگرم ؟

بەرنامەکە پلە بە پلە لە هەموو شوێنەکاندا جێبەجێ دەکرێت. ئەو ڕێکخراوەی لە شوێنەکانتاندا یارمەتییەکە پێشکەش دەکات، پێتان ڕادەگەیێنێت لە کەیدا دەست دەکرێت بە پرۆگرامەکە.

دەتوانن لە شوێنی نیشتەجێبوونتاندا یارمەتییەکەتان دەست بکەوێت، لەو کاتەی کە لەوێ دەست دەکرێت بە جێبەجێکردنی پرۆگرامەکە.

ناتوانن یارمەتی دارایی لە شوێنێکی تر وەرگرن بێجگە لەو شوێنەی کە تێیدا نیشتەجێن.یارمەتییە داراییەکان لە هەموو شوێنەکاندا دابەش دەکرێت بە زووترین کات کە لە تواناداا بێت. ئەگەر خۆتا ن و خێزانەکەتان بگوێزنەوە،ئەوا دوا دەکەون لە وەرگرتنی یارمەتییە داراییەکەتان. مەرجە کە خودی خۆتان نیشتەجێی شوێنەک بن پێش ئەوەی یارمەتییەکە وەرگرن.

## 4/ چۆن بزانم کەی بەرنامەی یارمەتی دارایی دەست پێدەکات ؟

یەکەم مانگی بەرنامەکە، زانیاری دەربارەی یارمەتییە داراییەکە لەبەردەستدا دەبێتلەو شوێنەی کە لێی نیشتەجێیت.

کاتێك بەرنامەی یارمەتی دارایی لە شوێنی نیشتەجێبوونەکەت جێبەجێ دەکرێت، ڕێکخراوی بەرپرس لە پرۆگرامەکە زانیاریتان دەداتێ دەربارەی بەروار و شوێنی دابەشکردنی کارتی پارەکە و ئەو بڕە یارمەتییەی کە خێزانەکەتان وەریدەگرێت. کارمەندی تایبەتمەندی لێ دەبێت بۆ ئەوەی کردارەکانتان بۆ ڕوون بکاتەوە و وەڵامی هەموو جۆرە پرسیارێك بداتەوە. زانیریشتان پێ دەدات دەربارەی نووسراوە پێویستەکان و کاتی پێویستیشتان دەداتێ بۆ کۆکردنەوەیان.

## 5/ چۆن بڕی یارمەتییە داراییەکە دەخەمڵێنرێت ؟

**ئەگەر ئێوە خێزانن:**

- خێزانەکەتان یان سەرۆکی خێزانەکەتان، یەك کارت وەردەگرێت، ئەو بڕانەی تێدایە کە مانگانە دەخرێتە سەری، بە پێی قەبارەی خێزانەکەتان.

پێناسەی خێزان بە پێی ڕێکەوتنی نێوان دائیرەی پەناهەندەیی، کۆمیسیۆنی باڵای UN و ڕێکخراوەکانی تر بریتییە لە جووت هاوسەر یان دایك وباوك لەگەڵ منداڵە خوار ١٨ ساڵەکانیان.

**ئەگەر کەسێکی بە تەنهایت و سەروو ١٨ ساڵیت:**

یەك کارت وەردەگریت کە بڕە پارەی بەرامبەری هەر مانگێکی تێدایە.

ئەو کەسە باڵخانەی کە ئەندامی پێکهاتەی خێزانێکن، بەڵام ئەو پێناسەیەی سەرەوە بۆ خێزان نایگرێتەوە، کارتێکی تایبەت بە خۆیان وەردەگرن. ئەمە ئەو ئەندامانی خێزانە دەگرێتەوە وەکو: خوشك و برا، باپیرەو داپیرە، خاڵ و مام، پوور، ئامۆزا و خاڵۆزاو پوورزا، کوڕەزا و کچەزا و خزمی تر.

## 6/ چەند پارە وەردەگرم ؟

بڕی ئەو یارمەتییە داراییەی کە پێشکەش دەکرێت لە لایەن هەموو ڕێکخراوەکانەوە ڕێکەوتنی لەسەر کراوە بۆ ئەوەی وەك یەك بێت لە سەرانسەری وولاتدا. ئەو بڕانە خەمڵێنراون بە پێی قەبارەی خێزانەکە و کە ئایا خواردن وەردەگرن یان نا. پەیوەندی بکەن بە ڕێکخراوەکەتانەوە بۆ وەرگرتنی زانیاری وورد دەربارەی ئەو بڕە پارەیەی لە شوینەکاتاندا دەدرێت.

## 7/ کارتەکە چۆن ئیش دەکات ؟

- لەوانەیە کارتەکە جۆرەکەی جیاواز بێت لە شوێنە جیاوازەکاندا. چونکە کارتەکان لە لایەن ڕێکخراوی جیاوازەوە دەدرێت. بەڵام بڕی پارەی کارتەکان لە هەموو شوێنێکدا وەکو یەکن.
- ئەو کارتەی کە وەری دەگرن هەموو مانگێك بڕێك پارەی دیاریکراوی دەخرێتە سەر.
- لەوانیە ئەو بڕە پارانە پێداچوونەوەیان بۆ بکرێت یان بگۆڕدرین، لەم حالەتەدا لەکاتی دروستدا پێتانی ڕادەگەێنین.
- دەتوانن بەکاری بهێنن بۆ ڕاکێشانی پارە لە هەموو ئامێرەکانی ATM لە یۆناندا. هەروەها دەتوانن بەکاری بهێنن لە هەموو ئامێرەکانی فرۆشتن (POS) لەدوکانەکاندا.
- بەکارهێنانی کارتەکان لە سوپەر مارکێت و دوکانەکاندا هیچ پارەی تێناچێت.
- بۆ ڕاکێشانی پارە لە ئامێرەکانی ATM دیاریکراو نیە کە ئایا چەندی تێدەچێت، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە کە بۆ هەرجارێك ڕاکێشانی پارە بڕێکی زۆر کەمی تێچێت. ئەو ڕێکخراوەی لە شوێنەکاتان کارتەکان دەدات، بە ووردەکارییەوە پێتان ڕادەگەێنێت دەربارەی ئەو بڕە پارەیەی کە لە کارتەکانتان دادەشکێت.
- بەکارهێنانی کارتەکان سنووردارە بۆ بەکارهێنانیان تەنها لە یۆناندا. ئەگەر لە دەرەوی یۆنان بەکار بهێنرێت لەکاردەخرێت بۆ هەتاهەتایە.
- کارتەکە بە پێشەکی پێدان پارەی تێدەچێت و پەیوەست نییە بە هیچ حسابێکەوە و ناتوانن پارەی بخنە سەر.
- ئەگەر هەموو پارەکەش خەرج بکەن دەبێت کارتەکە هەڵبگرن بۆ بەکارهێنانی لە داهاتودا.
- ئەگەر هەموو پارەی کارتەکەتان بەکار نەهێنابوو، وەکو پاشەکەوت لە کارتەکەتاندا دەمێنێتەوە و دەتوانن لە مانگیدواتردا بەکاری بهێنن.
- پاش ئەوەی کارتی ڕاکێشانی پارە و ژمارەی PIN ەکەی وەردەگرن، ئاگاداریان بە و لە شوێنێکی باشدا هەڵیانگرن.

## 8/ ئایا دەتوانم کارتەکەم بدەمە کەسێکی تر؟

کارتەکە بەناوی خۆتانەوە دەرکراوە و ناتوانن بیدەنە کەسێکی تر. پێش ئەوەی بڕی مانگانەکەی بخرێتە سەر، ئەو لایەنانەی کە یارمەتی دارایی دابین دەکەن، هەموو مانگێك سەیری ڕاست و دروستی ناسنامەکان دەکەنەوە، ئەگەر هێشتا دانیشتووی ئەو شوێنە بن کە کارتەکەتان لێ وەرگرتووە وهێشتا کارتەکەتان پێبێت، ئەوا یارمەتییە مانگانەکەتان بۆ دادەنرێت.

## 9/ پرۆگرامی یارمەت دارایی چەند دەخایەنێت ؟

ئەو کاتەی کە کارتەکەتان دەدەنێ، ماوەی بەرنامەکەتان پێ ڕادەگەیەنرێت لە لایەن ئەو ڕێکخراوەی کە کارتەکان دابەش دەکات لە شوێنی نیشتەجێبوونەکەتان.ماوەی بەرنامەکە پەیوەندی یەکسەری هەیە بە بودجە پێدانی ڕێکخراوە جیاجیاکانەوە.تێبینی ئەوە بکەن کە مەرج نییە بەرواری بەسەرچوونی کارتەکەتان پەیوەندی هەبێت بە ماوەیبەرنامەی یارمەتی داراییەوە. بەرواری بەسەرچوونی کارتەکە تەنها پەیوەندی بە ماوەی ئیشکردنی دروستی کارتەکەوە هەیە نەك بەم بەرنامەی یارمەتی داراییەوە. یارمەتییە داراییەکە دەرماڵە نییە، بەڵکو بریتییە لە یارمەتی مرۆڤانە تاوەکو یارمەتی پەناهەندەکان بدات بۆ دابینکردنی پێویستیە بنچینەییەکانیان بۆ ماوەیەکی دیاری کراو.

## 10/ چی بکەم ئەگەر کارتەکەم لێ گوم بێت یان ژمارەی PIN ەکەم لەبیر بچێتەوە ؟

تکایە پەیوەندی بکە بەو ڕێکخراوەی لە شوێنی نیشتەجێبوونەکەت یارمەتی دارایی دەدات.

## 11/ بۆ پرسیارکردن دەربارەی پرۆگرامی یارمەتی دارایی یان کارتەکانەوە:

دەتوانن پەیوەندی بکەن بەو ڕێکخراوەی کە یارمەتی دارایی دابین دەکات لە شوێنی نیشتەجێبوونەکەت. یان لە ڕێگای ئۆفیسی زانیاری پێدان یان لە ڕێگای هێڵی تەلەفۆنی یارمەتییەوە. لەو کاتەدا کە کارتەکان وەردەگرن زانیاریتان پێدەدرێت دەربارەی ئۆفیسی زانیاری پێدان، هەروەها دەربارەی ئەو هێڵە تەلەفۆنانەی کە لەبەردەستدا دەبن.



## لەحاڵەتی دابین کردنی ژەمەکاندا

ئەم خشتەیەی لای خوارەوە بڕی هاریکاری
نەقدی دەخاتەڕوو لەحاڵەتی دابینکردنی ژەمەکاندا:

| بڕی هاوکاریی دارایی | ژمارەی خێزان |
|---|---|
| ٩٠ یۆرۆ | کەسێکی تەمەن سەروو ١٨ ساڵ |
| ١٤٠ یۆرۆ | دووکەسی پێکەوە، یاخود دایك و باوك و منداڵێك |
| ١٩٠ یۆرۆ | خێزانێکی سێ کەسیی |
| ٢٤٠ یۆرۆ | خێزانێکی چوار کەسیی |
| ٢٩٠ یۆرۆ | خێزانێکی پێنج کەسیی |
| ٣١٠ یۆرۆ | خێزانێکی شەش کەسیی |
| ٣٣٠ یۆرۆ | خێزانێکی حەوت کەسیی یان زیاتر |



## لەحاڵەتی دابین نەکردنی ژەمدا

ئەم خشتەیەی لای خوارەوە بڕی هاریکاری
نەقدی دەخاتەڕوو لەحاڵەتی دابین نەکردنی ژەمدا:

| بڕی هاوکاریی دارایی | ژمارەی خێزان |
|---|---|
| ١٥٠ یۆرۆ | کەسێکی تەمەن سەروو ١٨ ساڵ |
| ٢٨٠ یۆرۆ | دووکەسی پێکەوە، یاخود دایك و باوك و منداڵێك |
| ٣٤٠ یۆرۆ | خێزانێکی سێ کەسیی |
| ٤٠٠ یۆرۆ | خێزانێکی چوار کەسیی |
| ٤٥٠ یۆرۆ | خێزانێکی پێنج کەسیی |
| ٥٠٠ یۆرۆ | خێزانێکی شەش کەسیی |
| ٥٥٠ یۆرۆ | خێزانێکی حەوت کەسیی یان زیاتر |